# Factors of the Kirkuk Issue in the Foreign Policy Strategy of the Turkish State

Hoshang Dara Hama Ameen

Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2691KPF.01*

*Published:6/1/2026*

## *Abstract*

*Since the establishment of the Iraqi state, the issue of ownership and governance of Kirkuk has been a controversial issue. Although there have been several attempts to solve the problem, each time, there have been factors that have continued to hang over the problem. Now, after more than a century of the establishment of the Iraqi state, Kirkuk is still a subject of conflict. Even, in addition to Iraqi forces, regional and global forces have entered the conflict. The new Republic of Turkey, as the heir to the Ottoman Empire, has always been involved in the Kirkuk issue. The Kirkuk factor has always been present in the foreign policy strategy of the Turkish state. This study attempts to identify the factors related to the Kirkuk issue that have been taken into account in Turkey's foreign policy strategy. Here, there is more emphasis on Kurdish, Turkmen, energy and security factors. Each of these four factors is the reason why Turkey cannot remain neutral about the fate of Kirkuk. The main question of this study is what are the most important factors related to the Kirkuk question in the foreign policy strategy of the Turkish state? To answer this question, the study follows a qualitative method and uses analytical approaches. This would be in the context of political science.*

***Keyword**: Kirkuk; Turkey; Iraq; Kurdistan Region; Foreign Policy Strategy.*

# فاکتەرەکانی پرسی کەرکووک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا

**پ.ی.د. هۆشەنگ دارا حمە امین**

بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی،

کۆلێژی زانست سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Hoshang.dara@su.edu.krd

## پوختە

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، پرسی خاوەنداری و حوکمکردنی کەرکوک بابەتێکی جێی مشتومڕ بووە. هەرچەندە چەندین هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەم شارە هەبوون، بەڵام هەر جارەو هۆکارگەلێک درێژەیان بە هەڵواسراوەیی کێشەکە داوە. ئێستا دوای زیاتر لە سەدەیەک لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کەرکوک هێشتا بابەتێکە بۆ ململانێ؛ تەنانەت جگە لە هێزە عێراقییەکان، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش هاتوونەتە ناو ململانێکەوە. کۆماری تورکیای نوێ، بەو پێیەی میراتگری دەوڵەتی عوسمانییە، هەمیشە لە پرسی کەرکوکدا قسەی خۆی هەبووە. هەمیشە لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا فاکتەری کەرکوک ئامادەیی هەبووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەستن بە پرسی کەرکوکەوە و بوونەتە هۆی ئەوەی لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی تورکیادا حسابیان بۆ بکرێت. لێرەدا، جەختی زیاتر لە سەر فاکتەری کوردی، تورکمانی، وزە و ئاسایش هەیە. هەر یەک لەم چوار فاکتەرە هۆکارن بۆ ئەوەی تورکیا نەتوانێت بەرانبەر بە چارەنووسی کەرکوک بێلایەن و بێهەڵوێست بێت. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە گرنگترین فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا

کامانەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش توێژینەوەکە پەیڕەویی لە میتۆدی چۆنایەتی دەکات و سوود لە ڕێبازە شیکارییەکان وەردەگرێت؛ ئەمەش لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکاندا.

**وشە کلیلییەکان:** کەرکوک؛ تورکیا؛ عێراق؛ هەرێمی کوردستان؛ ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی.

## فاکتەرەکانی پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا

### ١. پێشەکی و میتۆدۆلۆژی

### ١.١. پێشەکی

لەوەتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشاوەتەوە و دەوڵەتی عێراق و کۆماری نوێی تورکیا دامەزراون، ویلایەتی موسڵ وەک پرسێکی پەیوەست بەو دوو دەوڵەتە و پەیوەست بە دانیشتووانەکەیەوە هەمیشە جێگەی باس بوون. کەرکوک وەک بەشێک لەم ویلایەتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی جاران جێگەی بایەخ بووە؛ ئەمەش لەبەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانەکەی و پاشانیش لەبەر دۆزینەوەی نەوت تیایدا. تورکیا هەمیشە بە چاوی بایەخەوە لە کەرکوکی ڕوانیوە؛ بە جۆرێک کە لە داڕشتنی ستراتیژی دەرەکیی خۆی بە گشتی و بەرانبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەت بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کەرکوکدا کردووە.

کەرکوک بۆ تورکیا تەنیا بریتی نییە لە شارێک کە ڕۆژگارێک بەشێک بووە لەو ئیمپراتۆریەتەی کە ئێستا ئەم کۆمارە نوێیە میراتگریەتی، بەڵکو بە تەنیشت ئەم فاکتەرە مێژووییەوە فاکتەری دیکەش هەن، کە وا دەکەن تورکیا نەتوانێت بەرانبەر بەوەی کە لەو شارە ڕووودەدات بێهەڵوێست و بێلایەن بێت. بایەخی تورکیا بۆ کەرکوک و هەستیاریی بەرانبەر بە

چاونووسی ئەم شارە بە ڕادەیەکە کە دیارییکردنی چارەنووسی شارەکە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بە هێڵی سوور ناوبراوە و لە پێناو پاراستنی ئەم هێڵەشدا هەموو سیناریۆیەک چاوەڕوانکراو نیشاندراوە. ئەم توێژینەوەیە، لە سۆنگەی بایەخی تورکیا بۆ کەرکوک نووسراوە کە لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەری دیاریکراودایە. هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تێگەیشتنێکی دروست و ڕاشکاو سەبارەت بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر بە کەرکوک بخرێتەڕوو.

## ١.٢. باکگراوەندی پرسی کەرکوک

لە ڕووی مێژووییەوە، پرسی کەرکوک هێندەی تەمەنی دەوڵەتی عێراق دێرینە؛ تەنانەت بە چەند ساڵێکیش دێرینترە. لەوەتەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم ڕێ بە سەربەخۆیی ناوچە کوردییەکانی ویلایەتی موسڵ نەدرا و لکێندران بە عێراقەوە، پرسی کەرکوک ئامادەیی هەیە. گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکانی ناوخۆی عێراق و هەڵگیرسانی شۆڕشە کوردییەکان کەرکوکی لە بابەتێکی نەتەوەیی–کۆمەڵایەتییەوە کرد بە بابەتێکی نەتەوەیی–سیاسی. پاشان، دۆزینەوەی نەوت پێناسەیەکی نوێی بە شارەکە بەخشی؛ بە جۆرێک خەڵکی سەر خاک و نەوتی ژێر خاک زیاتر بوونە جێگەی مشتومڕی نێوان هەموو ئەوانەی کە خواستی خاوەندارێتیی کەرکوکیان هەبوو. کوردانی عێراق لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەک خەڵک داکۆکییان لە خاوەندارێتی کەرکوک دەکرد. پاشان، دامەزراندنی حیزبی سیاسیی کوردی بووە هۆی ئەوەی کە ئەم داکۆکییە لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بۆ دۆخێکی سیاسیی بگۆڕدرێت. دواتر، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول گۆڕانێکی دیکەی بەم بابەتەدا و ڕەهەندێکی چەکداریشی بە پرسەکە بەخشی. ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لە نێوان حکومەتی عێراق و پارتی

دیموکراتی کوردستان کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردی دەکرد، بووە هۆی ئەوەی پرسی کەرکوک بنەمای یاساییش بە خۆوە ببینێت. لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، کەرکوک بووە بابەتێک لە نێوان حکومەتێکی ناوەندی و حکومەتێکی هەرێمیی دیفاکتۆدا.

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی، پرسی کەرکوک گۆڕانێکی گەورەتری بەخوە بینی و سروشتێکی دەستووریی وەرگرت. هەر لە دوای ڕووخانی بەعس، بە هۆی لاوازی و ناسەقامگیریی حکومەتەوە، دەستێوەردانە دەرەکییەکان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق زیاتر بوون و ئەمەش وایکرد کە پرسی کەرکوک ڕەهەندێکی هەرێمی وەربگرێت. هاوکات، گەڕانەوەی نەوتی کەرکوک بۆ سەر نەخشەی بازاڕە جیهانییەکانی وزە بووە هۆی ئەوەی پرسی کەرکوک ڕەهەندێکی جیهانیش وەربگرێت، کە کارەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی وەک کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بایەخی پێبدەن. پاشان هێرشی داعش و سەرەنجامیش گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق هەستیارییەکی زیاتریان بە پرسی کەرکوک بەخشی. بە نزیکەیی، لە هەموو ئەم قۆناغانەدا کە پرسی کەرکوک پیایاندا تێپەڕیوە، دەوڵەتی تورکیا ئامادەییەکی دیپلۆماسی، سیاسی و ستراتیژیی هەبووە؛ تەنانەت، چەندجار ئەمە بۆ هەڕەشەی بەکاربردنی هێزی سەربازی درێژبووەتەوە. بە کورتی ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا هەمیشە ئامادەیی هەبووە. ناسینی ئەو فاکتەرانەی کە لەم پرسەدا پێگە و ڕۆڵیان هەیە گرنگیی خۆی هەیە و ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە پرسی کەرکوک و لە ستراتیژی تورکیاش لە بەرانبەر بەو پرسە.

**١.٣. ئامانجی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی گرنگترینی ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەستن بە پرسی کەرکوکەوە و وا دەکەن تورکیا لە ستراتیژی سیاسەتی دەرکیی خۆیدا ڕەچاویان بکات. ئامانج لەم توێژینەوەیە شرۆڤەی فاکتەری کەرکوکە لە ستراتیژی دەوڵەتی تورکیادا کە بە هۆیەوە چۆنیەتیی مامەڵەی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان ڕەنگڕێژ دەکات. توێژینەوەکە دەیەوێت لە ڕێگەی دەستنیشانکردن، شرۆڤە و شیکاری فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک هەڵسەنگاندن بۆ ئامادەیی کارایانەی تورکیا لە دۆسیەی کەرکوکدا بکات.

### ١.٤. پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە کەرکوک و ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا بداتەوە. هاوکات توێژینەوەکە خۆی لە باسکردنی تەوەرە پەراوێزییەکان و ئەوانەشی کە پەیوەست نین بەم بابەتەوە دەبوورێت. توێژینەوەکە ڕاستەوخۆ و بەبێ بەلاڕێداچوون دەچێتە سەر بابەتی ڕوون و دیاریکراوی خۆی و پرسیاری خۆی دەخاتە ڕوو و کار بۆ وەڵامدانەوەی دەکات. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە: گرنگترین فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا کامانەن؟ مەبەست لەم فاکتەرانە ئەوانەن کە پەیوەستن بە جیۆپۆلەتیکی کەرکوکەوە و بە هۆیانەوە تورکیا جۆرێکی دیاریکراو لە سیاسەت بەرانبەر بە پرسی کەرکوک دەگرێتەبەر.

### ١.٥. میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و بەدەستهێنانی ئامانجە دیارییکراوەکەی پشت بە میتۆدی چۆنایەتی دەبەستێت؛ ئەمەش لە چوارچێوەی زانستی سیاسەتدا. توێژینەوەکە سوود لە ڕێبازی شیکاری سیاسی و مێژوویی وەردەگرێت. پشت بە شیکاری ئەو داتایانە دەبەستێت کە لە سەرچاوە دووەمییەکانەوە بەدەستخراون. هەر بۆیە بە گوێرەی ڕێبازە شیکارییە مێژوویی

و سیاسییەکان داتاکان شیکاردەکرێن تا لەم ڕێگەیەوە وێنەیەکی نوێ لە پرسی کەرکوک لە ناو ستراتیژی دەرەکیی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا بخرێتەڕوو. ئەم وێنەیە لە ڕێگەی دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک ڕوونتر دەکرێتەوە و دواجاریش وێنە گەورەکە بریتی دەبێت لە پرسی کەرکوک لە ناو ستراتیژی دەوڵەتی تورکیادا.

لەم چوارچێوەیەشدا، سروشتی بابەتی زانستە سیاسییەکان و هەروەها سروشتی پرسی کەرکوک وا دەخوازێت کە ئەم بابەتە لە زیاد لە ڕەهەندێکەوە شیکاربکرێت، وەک ڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی، جیۆگرافی، دیمۆگرافی، ئەنترۆپۆلۆژی، سیاسی، ئابووری، ئاسایش و وزە. لەگەڵ ئەمەدا، هەوڵدراوە فۆکەسەکە لە سەر چەند فاکتەرێکی دیاریکراو بهێڵدرێتەوە کە زۆرترین کاریگەرییان لە سەر ڕەنگڕێژکردنی ستراتیژی تورکیا هەیە. سەبارەت بە تورکیاش، بە هەمان شێوە، لێکۆڵینەوەی فرەڕەهەند پێویستن؛ وەک توێژینەوە لە سیاسەتی حکومەتەکان، ئایدیۆلۆژیای حیزبە حاکمەکان و ڕۆڵی دامەزراوەی سەربازی. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا جەخت لە سەر ستراتیژی دەوڵەت کراوەتەوە وەک یەکەیەکی سیاسیی فراوان کە هەموو یەکەکانی دیکە لەخۆدەگرێت و بە بەراورد بە حکومەت دۆخێکی ستاتیکیتری هەیە.

## ٢. پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا

تورکیا بە یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین کارەکتەرە هەرێمییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق دادەنرێت (بڕوانە: Barkey, 2010 و Müftüler-Baç, 2014). بەشی زۆری فۆکەسی تورکیا لە بەشەکانی باکووری عێراقە، واتە لە موسڵ و کەرکوک. ئەو شوێنانەی کە سەدەیەکە لە تورکیا دابڕێندراون، بەڵام تورکیا هێشتا خواستی هەژموونداریی بە سەریانەوە هەیە. باکووری عێراق ئەو جیوگرافیایەیە کە تورکمان و کوردی تێدا دەژین. ئەو دوو نەتەوەیەی

کە تورکیا ناتوانێت لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا نادیدەیان بگرێت. سەبارەت بە تورکیا، کەرکوک جیا لەوەی مەسکەنی کورد و تورکمانە، سەرچاوەیەکی گەورەی وزەشە و هاوکات هەڵکەوتەیەکی جیوگرافیی پڕبایەخیشی هەیە. هەر بۆیە، پێگەیەکی گرنگی لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هەیە.

بە گشتی تورکیا هێزێکی هەرێمی و تەنانەت سەروو هەرێمی کاریگەرە. لەگەڵ عێراقی دراوسێیدا بە فاکتەری دەیان دۆسیەی پەیوەست بە جیۆگرافیا، مێژوو، ئابووری و ئاسایش گرێدراوە. ئەحمەدیپور و موبارەکشاهی (٢٠١٥) لەو باوەڕەدان کە ستراتیژی تورکیا بەرانبەر بە دۆسیەی کەرکوک ڕوون و ڕاشکاوە: نایەوێت و ناهێڵێت بلکێت بە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. ئەوان هۆکارەکانی ئەمە دەبەستنەوە بە چەند بابەتێکەوە، وەک: زۆربوونی قورسایی جیۆپۆلەتیکیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی نیشتیمانی و هەرێمی، خۆشبوونی زەمینەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە عێراق، دروستبوونی مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا، هاندانی سیاسیی کوردانی تورکیا لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردانی عێراق، زیادبوونی هەڕەشەکانی پەکەکە و لەقبوونی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکمانەکانی عێراق.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا و پەیوەست بە کەرکوک، تورکیا هەمیشە لە ئاستە جیاوازەکان و بە گرتنەبەری ڕێگا جیاوازەکان، هەوڵیداوە سیاسەتی دەرەکیی خۆی بخاتە خزمەت ستراتیژی دەوڵەتەوە. بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەوەی پرسی کەرکوک ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە کە ئەم پرسە بە تەنیا ڕەهەندێکی جیوگرافی و پەیوەست بە خاک و خەڵکی نییە، بەڵکو بۆ پانتایی ئاسایشی نەتەوەیی کارەکتەر هەرێمییەکانی دیکەش درێژدەبێتەوە. سەعید ساسانیان (٢٠١٧) لەو باوەڕەدایە کە ئێران و سووریاش، هاوشێوەی تورکیا، کارەکتەری سەرەکیی ناو پرسی کەرکوکن و نیگەرانیی قووڵیان سەبارەت بە داهاتووی حوکمداریی شارەکە هەیە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ فاکتەری نەتەوەیی دەگەڕێنێتەوە، بەوەی کورد لە هەر چوار دەوڵەتی عێراق، تورکیا،

ئێران و سووریادا هەن. بە واتایەکی دیکە، چارەنووسی هەر بەشێک کاریگەریی لە سەر بەشەکانی دیکەش دادەنێت. هەر لە بەر ئەمەشە کە ئەو دەوڵەتانە بە هەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کەرکوکدا دەکەن. لە دیدی ساسانیانەوە، پێداگریی کوردی عێراق بۆ لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە لە بەر ئەوەیە تا لەم ڕێگایەوە زەمینە بۆ سەربەخۆیی خۆی خۆش بکات. هەر بۆیەشە، ئێران و تورکیا وەک پرسێکی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتیمانی، یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی خاکەکەیان لە پرسی کەرکوک دەڕوانن.

بە گشتی، تورکیا لە داڕشتنی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا بایەخێکی گرنگ بە پرسی کەرکوک دەدات. فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوک کە بوونەتە هۆی ئەوەی تورکیا لە ستراتیژی خۆیدا ڕەچاویان بکات فرەڕەهەندن و بایەخیشیان بە گوێرەی دۆخە سیاسی، ئابووری و ئاسایشییەکان دەگۆڕێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی کە دەشێت وەک ستاتیکی ناو ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا پەیوەست بە پرسی کەرکوک لێی بڕوانرێت بریتین لە فاکتەرە گرنگ و کاریگەرەکانی کورد، تورکمان، وزە و ئاسایش.

### ٢.١. فاکتەری کوردی

لە گرنگترینی ئەو فاکتەرانەی کە لە ناو پرسی کەرکوکدا ئامادەییان هەیە و کار دەکەنە سەر قورسایی پرسەکە لە ناو ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا، فاکتەری نەتەوەیی-کوردییە. مەبەست لەم فاکتەرە ئەو گرنگییەیە کە تورکیا ناتوانێت بە هۆیەوە چاو لە پرسی کەرکوک بپۆشێت و نەیخاتە ناو بەشێک لە ئاجێندای سیاسەتی دەرەکییەوە. بە شێوەیەکی گشتی، فاکتەری نەتەوەیی کوردی بۆ دەوڵەتی تورکیا لەوپەڕی بایەخدایە. ئەمە، لە لایەک لەبەر هۆکارە جیۆپۆلەتیکییەکەی و لە لایەکی دیکەش لە بەر هۆکارەکانی پەیوەست بە یەکپارچەیی خاک، ئاسایشی نیشتیمانی و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت.

سەبارەت بە پرسی کەرکوک، فاکتەری کوردی ئامادەییەکی تەواوی هەیە، بە جۆرێک کە ئەگەر بابەتەکە کەرکوک بێت، ئەوا بەشێک لە باسەکە بوونی نەتەوەی کوردە. هاوکات، کەرکوک بەشێکی بەردەوام و دانەبڕاوە لە پرسی کورد. فاکتەری کوردی لە ناو پرسی کەرکوک و پەیوەست بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیا، تەنیا پەیوەست نییە بە کوردی ناو کەرکوک و کوردی عێراق؛ بەڵکو پەیوەستیشە بەو ژمارە زۆرەی لە کورد کە لە تورکیا دەژین. لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکی کارتێکەریی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان کوردی کەرکوک و کوردی تورکیادا. قورسایی سیاسیی کورد لە ناو تورکیا، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پێگەی کوردی کەرکوک و کوردی عێراق بە گشتی. بە واتایەکی دیکە، چارەنووسی کەرکوک، کاریگەریی لە سەر هێز، ڕۆڵ و پێگەی کوردی عێراق و کوردی تورکیاش دەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بە هۆیەوە تورکیا ناتوانێت پرسی کەرکوک نادیدە بگرێت و لە بەرانبەریدا بێهەڵوێست یان بێلایەن بێت.

بە گوێرەی لێکدانەوەکانی ناسری و سەلیمی (٢٠١٣)، تورکیا یەکێکە لەو کارەکتەرە سەرەکییانەی کە ڕۆڵیان لە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوکەوە هەیە. ئەوان پێیانوایە تورکیا، وەک هەریەکە لە وڵاتانی دیکەی دراوسێی عێراق کە بەشێک لە دانیشتووانەکەی کوردن، لە ناو ئەم هاوکێشانەدا ڕۆڵی هەیە. وڵاتانی دراوسێی عێراق، وەک تورکیا، ئێران و سوریا نیگەرانیی ئەمنییان سەبارەت بە کەرکوک هەیە. لە ڕاستیدا، ئەم سێ دەوڵەتە، نیگەرانیی هاوبەش و لەمێژینەیان سەبارەت بە هەژموونی کورد لە کەرکوک هەیە. ئەوان پێیانوایە کۆنترۆڵی کورد بە سەر کەرکوکدا دەکرێت ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. بە دڵنیاییشەوە، ئەم دەوڵەتانە، لە ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، هیچ کەمتەرخەمییەک نانوێنن. ئەمەش لەبەرئەوەی هەر یەک لەم دەوڵەتانە، ژمارەیەک کوردیان لەخۆگرتووە و بەشێک لە کوردستانیان لە ژێر کۆنترۆڵدایە، کە سەربەخۆیی

کورد لە عێراق هاندەری سەربەخۆیی پارچەکانی دیکەش دەبێت. هەڵبەت، بە تەنیشت وڵاتانی دراوسێی عێراقەوە، چەند ئەکتەرێکی دیکەش هەن کە لە ناو هاوکێشەکانی پەیوەست بە کەرکوک ڕۆڵیان هەیە؛ وەک وڵاتانی عەرەبی کە بە زۆری پاڵپشتیی هەژموونی عەرەبیی سوونین، لەگەڵ هێز و زلهێزە نێودەوڵەتییەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بە زۆری بە دوای ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزی ناوچەکەوەن، لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیان.

وەک بەشێک لەو ڕۆڵەی کە تورکیا لە هاوکێشەکانی پەیوەست بە پرسی کەرکوکەوە دەیگێڕێت، بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەرکوک و موسڵ بەشێک بوون لە خاکی تورکیا، بەڵام براوەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم ئەم دوو شارەیان لکاند بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەیماننامەی سیڤەرەوە. سەرکردەکانی دەوڵەتی تورکیا بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردووە، کە کەرکوک لە ڕووی مێژووییەوە بەشێک بووە لە خاکی تورکیا. بۆ نموونە، تورگوت ئۆزال، سەرۆکی پێشووی تورکیا، لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە سوپای تورکیا باکووری عێراق و ناوچە نەوتییەکانی کەرکوک داگیربکات. هەروەها، سولەیمان دەمیرێل، سەرۆکی پێشووی تورکیا، داوای پێداچوونەوەی بە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا کرد. بە هەمانشێوە، ساڵی ٢٠٠٣، مورات مۆرگان، جێگری سکرتێری پارتی داد و گەشەپێدان، ڕایگەیاند کە پێویستە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، موسڵ و کەرکوک بۆ سەر تورکیا بگەڕێنەوە. ئەم نموونانە، ئەوە دەسەلمێنن کە تورکیا دژی هەژموونی کوردە بە سەر کەرکوکەوە و یەکێک لە ڕێگاکانی ڕێگریکردن لەم هەژموونەش بریتییە لە بانگەشەی خاوەندارێتیی شارەکە (Nasri & Salimi, 2013).

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ٢٠٠٣، تورکیا نیگەرانییەکانی بەرانبەر بە کەرکوک زیاتر بوون. تورکیا، چەند جارێک هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئامادەیە لە ڕووی سەربازییەوە بچێتە ناو خاکی عێراقەوە. تایبەت بە کەرکوکیش، چەند جارێک

ڕەجەب تەییب ئەردۆگان، سەرۆکی تورکیا، هۆشداریی داوە لەوەی کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە دۆخی شارەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەی گەورە و جیدی بە دوای خۆیدا بهێنێت. ئەم هۆشداریدانانە لە کاتێکدان کە لە دوای ٢٠٠٣ەوە کورد زیاتر لە هەر کات خواستی ئەوەی هەیە کە کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان – عێراق. ئەمەش داواکارییەکە کە لایەنی تورکی بە توندی دژایەتیی دەکات (Pusane, 2020).

لە دوای ٢٠٠٣ەوە، تورکیا هەوڵی زۆری داوە کە ڕێگر بێت لەوەی کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان. تورکیا لای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لۆبی بۆ ئەوە کردووە کە کاریگەریی بخاتە سەر عێراق تاوەکو پرسی گشتپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک دوابخرێت، یان دەنگدانەکە بە جۆرێک بێت کە هەموو عێراقییەکان، نەک تەنیا کەرکوکییەکان، تیایدا بەشدار بن (Hanish, 2010). تورکیا، هەوڵی زۆری دا تا لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆڵی خۆی زیاتر بکات. هەروەها داوای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری و سەرپەرشتیی دۆخی تایبەت بە کەرکوک بکات. بە هەمانشێوە، لای دەوڵەتانی عەرەبی لۆبی دەکرد تا هانیان بدات ڕێ لە لکانی کەرکوک بە هەرێمەوە بگرن. ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە عەرەبی کەرکوک لەگەڵ ئەوەدا نین ببنە بەشێک لە هەرێم. بە دیپلۆماسیەتی چالاکی لەگەڵ حکومەتی عێراق و وڵاتانی دیکە، تورکیا توانی گشتپرسیی دەستووری بۆ چارەنووسی کەرکوک دوابخات (Khan, 2015؛ هەروەها: Davutoğlu, 2008).

ئەم ڕۆڵانەی تورکیا لە نووسینەوەی دەستوور و دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوک و جێبەجێکردنی چارەسەرییەکان بۆ ئەوە بوون کورد کۆنترۆڵی کەرکوک نەکات و کەرکوکیش نەبێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش لە پێناو ئەوەدا بووە تا لەم ڕێگەیەوە ڕێ لە درێژبوونەوەی کاریگەرییەکانی کوردستانیبوونی کەرکوک لە سەر بەهێزبوونی هەرێم و جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی زیاتر لای کوردانی وڵاتەکەی خۆی بگرێت. چونکە تورکیا لەو باوەڕەدایە کە

کۆنترۆڵی کورد بە سەر کەرکوکەوە دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە کورد لە عێراق هەیەتی و پێگەی کورد لە عێراق بەهێزتردەکات. ئەم بەهێزییەش سنوورەکان تێدەپەڕێنێت و نائارامی لە ناو کوردانی تورکیا دروستدەکات. هەر لە بەر ئەمەش بووە کە تورکیا هەمیشە هەموو ڕێگایەکی گرتووەتەبەر، تەنانەت ڕێگای هەڕەشەی کردەی سەربازی، تا نەهێڵێت کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان (Hanish, 2010). لە دید و لێکدانەوەی تورکیادا، لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆیی تورکیا، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەرێم و هاوکات کاریگەریشی لە سەر متمانەبەخۆبوون و بەخۆداپەرمینی کوردانی تورکیا دەبێت.

ساڵی ٢٠١٧، گریمانە و نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە سیناریۆ و ئەگەرەکانی دوای لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە ڕاست دەرچوون. ئەمە کاتێک بوو کە بە هۆی هێرشی داعشەوە، هەرێمی کوردستان بە تەواوی دەستی بە سەر کەرکوکدا گرت و دواتریش گشتپرسیی سەربەخۆیی بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەستەڵاتی خۆی بە کەرکوکیشەوە، ئەنجامدا. تورکیا ئەوکاتیش نیگەرانی خۆی سەبارەت بەمە دەربڕی. پاشان، تورکیا هاوڕێ لەگەڵ ئێران، پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی کرد تا گەمارۆ بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و دواتریش کەرکوک کۆنترۆڵبکاتەوە (بڕوانە: Abdullah, 2018). بۆ تورکیا ڕووداوەکانی دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، دەستکەوت بوون. کەرکوک بەو جۆرەی کە تورکیا دەیویست، لە هەرێمی کوردستان سەندرایەوە و خرایەوە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی فیدراڵی عێراق.

### ٢.٢. فاکتەری تورکمانی

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی ڕۆڵگێڕانی تورکیا لە کەرکوک و دانانی پێگەیەکی گرنگ بۆ پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی تورکیادا، پرسی پێکهاتەی تورکمانی ناو شار و پارێزگای کەرکوکە. کەرکوک وەک شارێکی فرەڕەنگ پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی هەیە لە کورد، عەرەب و تورکمان. هەروەها فرەئاینیشە لە موسوڵمان و مەسیحی. سەرەڕای ستراکچەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکەی، دەوڵەمەندییەکەیشی بە نەوت، نیگەرانییەکانی تورکیای فراوانتر کردووە. چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی کەرکوک بکات، ئەوا ئەو متمانەیەی لا دروستدەبێت کە دەتوانێت بە نەوتی کەرکوک سەربەخۆیی زیاتر، تا سەربەخۆیی تەواوەتی، دەستەبەربکات. پریشکی کاریگەرییەکانی ئەمەش بەر کوردانی تورکیا دەکەوێت. جیا لە نیگەرانییەکانی پەیوەست بە کورد، چارەنووسی تورکمانەکانی کەرکوکیش یەکێکە لە نیگەرانییەکانی تورکیا. هەر لە بەر ئەمەش و لەپێناو ڕێگرتن لە کۆنترۆڵی کورد بە سەر کەرکوکدا، تورکیا پەرەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکوک داوە. خاوندارێتییان دەکات و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە کاریگەری لە سەر گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی پەیوەست بە کەرکوک دادەنێت. هاوکات، لە پێکهاتەی تورکمان وەک کارتێکی گوشار سوودوەردەگرێت (بڕوانە: Turunc, 2011).

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ئێران لە ڕێگەی هێزە شیعییەکان، وڵاتانی عەرەبی لە ڕێگەی هێزە سوونییەکان و ئەمریکا و ئەورووپا لە ڕێگەی هێزە کوردییەکانەوە هەوڵیانداوە لە گۆڕەپانی عێراقدا ڕۆڵبگێڕن و بەرژەوەندییەکانیان گەرەنتی بکەن. تورکیا، بە سوودوەرگرتن لە کارتی تورکمانی وەک کارتێکی نەتەوەیی، بە تەنیشت کارتەکانی تری گوشارەوە، هەوڵیداوە لە عێراقدا بێلایەن نەبێت. تورکیا هەمیشە خاوەندارێتی لە پێکهاتەی تورکمان کردووە و پاڵپشتیی لە ئارگیومێنتی ئەوان کردووە (بڕوانە: Oguzlu, 2002). تورکمانەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کەرکوک لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی تورکمانییە و هەر ئەمەش دەکەن بە پاساو بۆ ئەوەی کە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە حوکمی شارەکە بکەن. لەگەڵ ئەمەدا، بە گوێرەی فێریز و ستۆڵتز (٢٠٠٨)،

کوردەکان وەک تابووری پێنجەم لە تورکمانەکان دەڕوانن. ئەوان وای وێنادەکەن کە تورکمانەکان دەستی تورکیان لە شارەکەدا. تورکیاش ئەو دەوڵەتەیە کە کوردی وڵاتی خۆی سەرکوتدەکات و قورساییش دەخاتە سەر کوردی عێراق. بە گوێرەی ئەم دینامیکییەی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە تورکمان و کوردی کەرکوک، ئاسۆی گەشتن بە چارەسەری هاوبەش بۆ شارەکە ڕووناک نییە (Ferris & Stoltz, 2008).

تێڕوانینی تورکیا بۆ کەرکوک هاوشێوەی تێڕوانینی تورکمانەکانی شارەکەیە. جیا لەوەی کە تورکیا کەرکوک بە بەشێکی دابڕێندراو لە خاکەکەی دەزانێت، لەو باوەڕەدایە کە شارەکە لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی تورکمانییە. جیا لە تێڕوانین، تورکیا بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە شارەکە وەک شارێکی تورکمانی بناسێنێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە تورکمانەکان مافی حوکمکردنی شارەکەیان هەیە. تورکیا لەم ڕێگەیەوە هەم بوونی تورکمانی لە شارەکەدا بەهێزدەکات، هەمیش بەربەست لە بەردەم لکانی شارەکە بە هەرێمی کوردستانەوە دروستدەکات. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی تورکمانەکانی کەرکوک بۆ زۆر لایەن جێگەی مشتومڕن، بەڵام ئەوان لە تورکیا وەک تورکی عێراقی دەناسێندرێن و پاڵپشتیدەکرێن. ئەم پاڵپشتییەی تورکیا بۆ تورکمانەکان بە ڕادەیەکە کە تورکیا هەڕەشە بۆ سەر تورکمانەکان بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت. تورکیا ئامادەی هەموو جۆرە بەرگریکردنێکە لە تورکمانەکانی عێراق، تەنانەت ئەگەر پێویست بە دەستێوەردانی سەربازیش بکات (هەمان سەرچاوە).

لە ڕاستیدا، فاکتەری تورکمانی لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی تورکیا پەیوەست بە کەرکوک فاکتەرێکی لاوەکییە و پشتبەستووە بە فاکتەری کوردی. فاکتەری تورکمانی گرنگیی خۆی زیاتر لەوەوە وەردەگرێت کە بتوانێت ببێتە لەمپەر لە بەردەم بەهێزبوونی پێگەی کورد لە کەرکوک و لە عێراق بە گشتی. ئەو کاتەش ڕۆڵی زیاتر دەبێت کە بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە

کەمکردنەوەی ڕۆڵی فاکتەرە کوردییەکەدا. هەڵبەت، تورکمانەکان دەشتوانن ببنە فاکتەرێک بۆ برەودان بە نەرمەهێزی دەوڵەتی تورکیا لە کەرکوک و عێراق، بەڵام تا ئێستا کەمتر ئەم ڕۆڵەیان پێ سپێردراوە و زیاتر وەک هێزێکی دیفاکتۆ لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتوون.

### ٢.٣. فاکتەری وزە

کەرکوک بۆ تورکیا تەنیا پرسێکی ناسیۆنالیستی و ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو سیاسی و واقیعیشە. فاکتەری وزە لە پرسی کەرکوکدا ئامادەییەکی قووڵ و فراوانی هەیە. وزە وەک فاکتەرێکی خودی مایەی بەهێزیی ئابوورییە و وەک فاکتەرێکی بابەتیش هێز دەبەخشێتە کارەکتەرە سیاسییەکان. وزە لە داڕشتن و ئاراستەکردنی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە (بڕوانە: الراوي و الدليمي، ٢٠١٦؛ هەروەها: Babali, 2010). سەبارەت بە سیاسەتی تورکیاش بەرانبەر بە پرسی کەرکوک، ناکرێت فاکتەری وزە نادیدە بگیرێت. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧، کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە دواتر ناوکەی گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق، بە فەرمی دۆزینەوەی نەوتی لە کەرکوک ڕاگەیاند. لەو کاتەوە، ئەوە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە کەرکوک شارێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و بایەخی ئابووری-سیاسیی خۆی هەیە (بڕوانە: Bet-Shlimon, 2019).

نەوتی کەرکوک پێگەیەکی گرنگ و گەورەی لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هەبووە و هەیە. ئاشکرایە کە هێڵی نەوتی کەرکوک-جەیهان هاوبەشییەکی گرنگی بواری وزەی نێوان عێراق و تورکیایە کە بە هۆیەوە هەر دوو دەوڵەت قازانجێکی گەورەی بازرگانی و ستراتیژییان لێ کردووە. ئەم هێڵە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەست بە بونیاتنانی کراوە. دوو ساڵ دواتر و بۆ یەکەمجار، بە هۆیەوە نەوتی عێراق گەیەندرایە بەندەری جەیهانی تورکی. دواتر بە دوو

قۆناغی گرنگ، قۆناغی ١٩٧٨-١٩٩٠ و پاشان قۆناغی ١٩٩٦-٢٠٠٣، پەرەی زیاتر بە تواناکانی هێڵی بۆڕیی گوێزانەوەی نەوتی کەرکوک-جەیهان درا (Bowlus, 2017).

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بە هۆی هێرشە تێکدەرانە بەردەوامەکانەوە، کارایی بۆڕیی نەوتی کەرکوک-جەیهان ڕووی لە کزی کرد. دواتر لە ساڵی ٢٠١١ەوە چەند کۆمپانیایەکی فرەڕەگەز توانییان ئیمتیازی چاککردنەوەی بۆڕییەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن و دوو ساڵ دواتر کارەکانی ڤێرژنی نوێی هێڵە نەوتییەکە تەواوکران، کە نەوتی کەرکوکیان دەگواستەوە و دەیانخستەوە سەر هێڵە سەرەکییەکەی کەرکوک-جەیهان. هەر لەو کاتەوە، ٢٠١٣، هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسایشی بۆڕییە نەوتییەکەیان لە ناو خاکی عێراق گرتەئەستۆ. بەڵام دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ەوە و بە زۆریش لە ئاداری ٢٠١٦، بە هۆی پێکدادانەکانی نێوان تورکیا و پەکەکە، ناردنی نەوت کێشەی زۆری تێکەوت و ناوەناوە دەوەستا. بەڵام ئەم کێشانەش بەردەوام نەبوون و بۆڕییە نەوتییەکە لە ئەرکی بازرگانی-سیاسیی خۆی بەردەام بوو. بە جۆرێک، وەک بۆوڵوس (٢٠١٧) ئاماژەی پێدەدا، سەرکەوتنی ڤێرژنی نوێی بۆڕیی نەوتی کەرکوک-جەیهان لە دوورمەودادا یەکلابووەتەوە و لەم بارەوە دڵنیایی تەواو هەیە. ئەم بۆڕییە نەوتە بە باشترین و تەنانەت تاکە بژاردە دادەنرێت بۆ ڕەوانەکردنی نەوتی باکووری عێراق بۆ دەریای سپیی ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا. داخرانی جیوگرافیی باکووی عێراق و هەرێمی کوردستان وا دەکات پێویستییەکی گرنگی بە تورکیا هەبێت. تورکیاش لەم پێگە جیوگرافییەی خۆی، سوودی جیوسیاسی و جیۆستراتیژی وەردەگرێت و هەمیشەش دەتوانێت هەڵکەوتە جیوگرافییەکەی خۆی وەک کارتێکی گوشار بەکاربێنێت و هەر کاتێکیش کە پێویستی کرد گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی وزەی خۆیدا بکات.

لە لایەکی دیکەوە، لە دوای ٢٠٠٣ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقی نەیانتوانی لە سەر دەرکردنی یاسای فیدراڵیی تایبەت بە نەوت و گاز ڕێکبکەون. ساڵی

٢٠٠٧، حکومەتی هەرێم یاسای تایبەت بە خۆی لەو بوارە دەرکرد. ساڵانی دواتر، بە دیاریکراوی لە ٢٠١١-٢٠١٢، چەند کۆمپانیایەکی نەوتیی جیهانی وەک ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی، تۆتاڵی فەرەنسی، گازپرۆم نەفتی ڕووسی، چێڤرۆنی ئەمریکی و تاقای ئەبو زەبی چەند گرێبەستێکیان لە سەر شێوازی هاوبەشی لە بەرهەمهێنان بۆ گەشەدان بە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان واژۆکرد. ئەم گرێبەستانە بوونە ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی خۆی دەکات. هەر لەم چوارچێوەیەشدا، تا ساڵی ٢٠١٣، هێڵی بۆڕیی نەوتی خورمەڵە بۆ تورکیا تەواوکرا. بۆڕیی نەوتی خورمەڵە نەوتی کێڵگەکانی باکوور دەگەیەنێت بە سنووری تورکیا و لەوێ دەیرژێنێتەوە ناو بۆڕیی نەوتی کەرکوک-جەیهان (هەمان سەرچاوە).

نەوتی کەرکوک سوودی ئابووری و سیاسیی زۆری بۆ تورکیا هەیە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایەی نیگەرانیی تورکیایە. چونکە لە ئەگەری کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم بە سەر کەرکوک و لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە، کورد زیاتر دەکەوێتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و هێزە ئابورییەکەی فراوانتر دەبێت. ئەم بەهێزبوونە ئابوورییە، لە دوورمەودادا ئاواتی سیاسیی فروانتری پێدەبەخشێت و بیرکردنەوە سیاسییەکانی چوارچێوە تەقلیدییەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت. لە ڕاستیدا، هەر بەهێزییەکی کوردی عێراق، دڵخۆشکەری و تەنانەت بەهێزیی کوردی تورکیا بە دوای خۆیدا دێنێت. لە لایەی دیکەشەوە، بەهێزیی کوردی کەرکوک، دەکرێت بە لاوازبوونی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە لێکبدرێتەوە. بۆیە، بابەتی نەوتی کەرکوک، تەنیا بواری وزە و ڕەهەندە ئابوورییەکە لەخۆناگرێت، بەڵکو فرەڕەهەندە؛ پەیوەندیی بە هاوکێشە نەتەوەیی و سیاسییە ناوخۆیی، هەرێمی و جیهانییەکانیشەوە هەیە. هەر لە بەر ئەمەشە فاکتەری پرسی وزەی پەیوەست بە پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتاندا پێگە و گرنگیی خۆی هەیە.

**٢.٤. فاکتەری ئاسایشی**

فاکتەری ئاسایشی هەمیشە لە ناو ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا ئامادەیی هەبووە. هەڵبەت ئەمە بۆ هەر دەوڵەتێک دروستە، بەڵام سەبارەت بە تورکیا گرنگیی زیاتری هەیە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک؛ لەوانە تورکیا مێژوویەکی دوور و درێژی لەگەڵ کودەتای سەربازی هەیە و دیدی ئاسایشی هەمیشە لە ستراتیژیدا ئامادەیە. لە لایەکی دیکەوە، نزیکەی نیوسەدەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی چەکداریی لە دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاندووە. ساڵی ١٩٧٨ پەکەکە دادەمەزرێت و لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ یەکەم چالاکیی سەربازیی دژ بە دەوڵەتی تورکیا ئەنجامدەدات. تا ئێستا تورکیا نەیتوانیوە پرسی پەکەکە لە ناوخۆی وڵاتدا چارەسەربکات. تەنانەت، ئێستا ئەم پرسە ڕەهەندێکی هەرێمی و بگرە نێودەوڵەتیشی بە خۆوە گرتووە؛ چونکە بوونی مرۆیی و سەربازیی پەکەکە لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیاش چالاکە. پرسی پەکەکە لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی تورکیادا هەمیشە بوونێکی پڕڕەنگی هەیە (بڕوانە: Murinson, 2006). ئەمە سەبارەت بە دیدگای تورکیاش بۆ پرسی کەرکوک دروستە؛ چونکە کەرکوک، بە تایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، بووەتە پانتاییەک کە ژمارەیەک هێزی سیاسی و چەکداریی فرەڕەنگ تیایدا هەبن. ئەم دیفاکتۆ ئەمنییەی کەرکوک و ئەو هێزانەشی کە لەوێ هەن دەتوانن کاریگەریی لە سەر پارێزراویی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و تەنانەت ئاسایشی ناوخۆی ئەو وڵاتەش دروستبکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە کوردانی عێراق خۆی لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا دەبینێتەوە؛ ئەوانیش بریتین لە: کۆتاییهێنان بە بوونی ئەندامانی پەکەکە لە عێراق و تورکیا، ڕێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و پاڵپشتیکردن لە پێکهاتەی تورکمان وەک ڕێگرییەک لە کۆنترۆڵی کوردی بە سەر کەرکوکدا (Nasri, & Salimi, 2013). پرسی کەرکوک هەر سێ لەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت. پێشتر ئاماژە بە فاکتەری کوردی و تورکمانی درا؛ فاکتەری ئاسایشی–پەکەکەش نابێت نادیدە بگیرێت. کەرکوک دەتوانێت ڕۆڵێکی

دوولایەنە بە نیسبەت ئاسایشی تورکیاوە ببینێت. دەکرێت زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بگەیەنێت بەوەی ببێتە پەناگەیەک بۆ پەکەکە یان پارسەنگی هێز بەلای کورددا بشکێنێتەوە. هەروەها، دەشکرێت ڕۆڵی بەهێزکەر و دابینکەری ئاسایشی تورکیا ببینێت بەوەی هێزی زیاتر بە تورکیا و تورکمان ببەخشێت. هەڵبەت ئەمە بە گوێرەی دیدە باو و تەقلیدییەکە کە بەهێزیی کورد لە زیانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەبینێت.

لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پرسەکانی کەرکوک و پەکەکە هەمیشە بە ئاوێتەیی باسکراون. بە پێی لێکدانەوەکانی ماریانا خارۆداکی، باشیی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەمیشە ئەنجامی تێگەیشتنی دوولایەنە بووە لە سەر بابەتەکانی پەیوەست بە دۆخی کەرکوک و چالاکییەکانی پەکەکە. هەر دوو لا لە سەر ئەوە کۆکن کە پێکەوە هاوکاری و هاوئاهەنگییان هەبێت. هاوکات، تورکیا لەوە تێدەگات کە حکومەتی هەرێم لە ناوچە سنوورییەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئاسانکاریی بۆ پەکەکە ناکات. هەڵبەت، هێشتا لە ناو تورکیا ئەو دەنگانە هەن کە پێیانوایە حکومەتی هەرێم وەک پێویست ڕووبەڕووی پەکەکە نابێتەوە و تەواوی تواناکانی بۆ ڕیشەکێشکردنی پەکەکە نەخستووەتە گەڕ (Charountaki, 2012).

پرسی کەرکوک بە نیسبەت تورکیاوە بابەتێکی ئاوێتەیە لە ئابووری، سیاسەت و ئاسایش. تورکیا هەمیشە مەترسیی ئەوەی هەبووە کە کەرکوک ببێتە پانتاییەک بۆ نائارامی و مەترسییە ئەمنییەکان، بە جۆرێک کە لە ناوخۆدا زیان بە تورکمانەکانی شارەکە بگات و لە سەر ئاستی هەرێمیش ببێتە ژینگەیەک کە پەکەکە بتوانێت تیایدا هێزی مرۆیی بۆ خۆی ڕابکێشێت و زیاتر گەشەبکات. تورکیا هەمیشە ئەو نیگەرانییەی هەبووە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دژی تورکیا یارمەتیی پەکەکە بدرێت. تورکیا ئەم پرسە بە هێڵی سوور دەزانێت؛ بە جۆرێک کە کۆنەپارێزە نوێیەکانی ناو سیاسەتی تورکیا لە ئەگەری بەزاندنی ئەم هێڵە سوورەدا پێشنیازی

بەکاربردنی هێزی سەربازی دەکەن (Altunışık, 2009). ئەمە واتە تورکیا لە ناو عێراق بە دوای دابینکردنی ئەوپەڕی ئاسایشی خۆیدا دەگەڕێت و نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیاش جیدین.

یەک لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا پەیوەست بە پرسی کەرکوک هەمیشە ئەوە بووە، کە ئەم شارە ببێتە ژینگەی گەشەی پەکەکە. ئەم نیگەرانییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێزی چەکداری هاوشێوەی پەکەکە هەمیشە لە بۆشایی ئەمنیدا دەتوانن ڕۆڵی زیاتر بگێڕن و زیاتریش گەشەبکەن. بە ڕەچاوکردنی وەها گریمانەیەک، لێکدانەوە باوەکان هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە حکومەتی فیدراڵی عێراق باشتر دەتوانێت بۆشاییە ئەمنی و سیاسییەکان پڕبکاتەوە و کەمتر دەرفەت بۆ گەشەی پەکەکە بهێڵێتەوە. ئەمە ئەگەر بەشێکی لەبەر گریمانەی بەهێزیی حکومەتی فیدراڵی عێراقی بێت لە دابینکردن یان سەپاندنی ئاسایشدا، بەشەکەی دیکەی لە سەر ئەو گریمانەیە دەوەستێت کە حکومەتی فیدراڵ دەتوانێت لە دژایەتیکردنی پەکەکەدا کەمتر نەرمی بنوێنێت و ئاسانتریش وەک هێزێکی تیرۆریستی بیناسێنێت. بە پێچەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری فرەجۆرە، وەک هەستی نەتەوەیی، ناتوانێت هاوشێوەی حکومەتی فیدراڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکەدا ڕاشکاو و توند بێت.

لەلایەکی دیکەوە، گریمانەی ئەوە هەیە کە ئەگەر کەرکوک لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا بێت، ئەوا ئەگەری چالاکی و گەشەی پەکەکە وەک هێزێکی چەکدار، چەپ و ناسیۆنالیست لاوازە. ئەمە لە سەر ئەو بنەمایەی کە سروشتی حوکمداریی حکومەتی فیدراڵ بەو جۆرەیە کە لە ژێر سایەیدا پرسە مەزهەبییەکان، زیاتر لە پرسە نەتەوەییەکان، جێگەی باس و خواسن. بەم پێیە، پانتاییە گشتییەکە بەو جۆرە دەبێت کە کەمتر جێگەی گوتارەکانی پەکەکەی تێدا دەبێتەوە. بەڵام ئەزموونی حوکمداریی حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە سەر مەخموور و شەنگال، تا ڕادەیەک، پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە. لەم شوێنانە، پەکەکە چالاکتر بووە و زیاتریش گەشەی کردووە.

لێرەدا دەکرێت گریمانەیەکی دیکەش بخرێتەڕوو: حکومەتی فیدراڵیی عێراق، زیاتر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستیی بە بوونی پەکەکەیە. دەکرێت ئەمە وەک بابەتێکی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی لێکبدرێتەوە. بە گشتی، پێویستیی عێراق بە تورکیا، لە پێویستیی تورکیا بە عێراق زیاتر – لە بەر بابەتەکانی وەک هەناردەی نەوت و سەرچاوە ئاوییەکان. بۆیە، عێراق لەوانەیە وەک کارتێکی گوشار بە سەر تورکیاوە لە پەکەکە بڕوانێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر لەو پێگە بەهێزە سیاسی و سەربازییەدایە، کە بتوانێت هێندەی عێراق سوود لە پەکەکە وەربگرێت. هۆکارێکی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەکەکە، نە لە سەر ئاستی عێراق و نە لە سەر ئاستی ناوچەکە، ناتوانێت ببێتە ڕکابەری دەوڵەتی عێراق، حکومەتی فیدراڵ یان پارتە سیاسییەکانی. بەڵام ئەمە بە نیسبەت هەرێمی کوردستانەوە پێچەوانەیە. چونکە پەکەکە لەوانەیە بتوانێت لە دوور مەودادا ببێتە ڕکابەری پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان، یان لانیکەم پارتێکی دیار لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان. دەستەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی درکی بەمە کردووە. بۆیە چالاکییەکانی پەکەکە و پارتەکانی نزیک لە پەکەکە لە هەرێمی کوردستان تەواو سنووردارکراون. لە لایەکی دیکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، نەک هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە سەر ئاستی تورکیا و سووریاش، بە دوای ئاڵتەرناتیڤی پەکەکەدا دەگەڕێت. هەر بۆیە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە لە ئەگەری لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە، هەڕەشە ئەمنییەکانی سەر تورکیا کەمتر دەبن – بە بەراورد بەوەی کە کەرکوک لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی فیدراڵدا بێت، هەرێمێکی سەربەخۆ بێت یان دۆخێکی سیاسی و ئەمنیی ناسەقامگیری هەبێت. بۆیە دەکرێت ئەوە ئارگیومێنتێکی لۆژیکی بێت کە بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە واتای لاوازبوونی پەکەکە دێت؛ بەم پێیەش لکانی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە، واتای بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لاوازبوونی پەکەکە و پارێزراویی زیاتری ئاسایشی تورکیا

دەگەیەنێت. هەڵبەت، ئەم هاوکێشانە زیاتر پەیوەستن بە ڕیاڵپۆڵەتیکەوە؛ نەگۆڕ نین، بەڵکو بە گوێرەی گۆڕدراوەکانی ناو سیاسەت دەگۆڕدرێن.

## ٣. ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدرا شیکاریی پێویست بۆ پرسی کەرکوک پەیوەست بە دەوڵەتی تورکیا بخرێتەڕوو. توێژینەوەکە هەوڵیدا گەنگەشەی ئەو فاکتەرانە بکات کە لە پرسی کەرکوکدا ئامادەییان هەیە و بە نیسبەت تورکیاوە جێگەی بایەخی ستراتیژین. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تورکیا وەک کارەکتەرێکی هەرێمیی دیار لە پرسی دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوکدا بە دوای ڕۆڵ و پێگەی خۆیدا بگەڕێت. بە گشتی دەتوانرێت ئەو ئەنجامگیرییە بکرێت کە کەرکوک پرسێکی گرنگی ناو ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیایە. تورکیا لە داڕشتنی ستراتیژ و سیاسەتی خۆی هەمیشە پرسی کەرکوک لەپێشچاودەگرێت. ئەوەشی کە وا دەکات کەرکوک ئەو گرنگییەی هەبێت، چەندین هۆکاری جیاواز و فرەڕەهەندن، بەڵام لە سەروو هەموویانەوە فاکتەری کوردی، تورکمانی، وزە و ئاسایش ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتە دەرەکییەکانی تورکیادا. هەڵبەت، جیا لەو فاکتەرە سەرەکییانە، فاکتەری دیکەش هەن کە بێ کاریگەری نین، وەک فاکتەرەکانی جیۆپۆلەتیک، مێژوو، ئابوری، بازرگانی و مەزهەب، کە لە چوارچێوەی پرسیار و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا فاکتەری لاوەکین، نەک سەرەکی.

هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لەم توێژینەوەیەدا پەیوەست بە پرسی کەرکوک لە ستراتیژی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتی تورکیادا باسکران، بوونەتە هۆی ئەوەی کە تورکیا نەتوانێت بەرانبەر بە چارەنووسی کەرکوک بێلایەن و بێهەڵوێست بێت. هەر بۆیە تورکیا بە گرتنەبەری ڕێگە جیاوازەکانی ناو دونیای سیاسەت و دیپلۆماسی هەوڵی زیادکردنی کاریگەریی خۆی داوە. تورکیا هەمیشە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا چاوێکی لە سەر کەرکوک

بووە. بە نیسبەت تورکیاوە، ئەوەی کە کێ خاوەندارێتی و حوکمداریی کەرکوک دەکات بابەتێکی پڕبایەخ بووە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا، بابەتەکانی وەک هەژموونی کورد، ڕۆڵی تورکمان، ئەنجامی دەرهێنانی نەوتی کەرکوک و بابەتەکانی پەیوەست بە ئاسایشی وڵات هەمیشە ئاوێتەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا بوون.

هەر یەک لەو چوار فاکتەرە سەرەکییانەی ناو پرسی کەرکوک کە شیکارکران دەتوانرێت لە چوارچێوەی بابەتی جیۆپۆلەتیکی کەرکوک و تورکیادا جێگەیان بکرێتەوە. بەم پێیە هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر بە پرسی کەرکوک پەیوەندیی بە گراند-ستراتیژیی دەوڵەتی تورکیاوە هەیە. ئەمە واتە حکومەتەکانی تورکیا لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتی پێویستەوە جێبەجێکاری ئەم ستراتیژەی دەوڵەتن. هەر لە بەر ئەم هۆیەشە کە دەبیندرێت لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا تورکیا بە نزیکەیی یەک ستراتیژی بەرانبەر بە پرسی کەرکوک هەبووە و ئەوەی گۆڕانی بە سەردا هاتووە زیاتر سیاسەت و تەکنیکەکانی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ ئەم پرسە.

## سەرچاوەکان


- Abdullah, F. H. (2018). PUK–KDP Conflict: Future Kurdish Status in Kirkuk. *Jadavpur Journal of International Relations*, *22*(2), 107-126.
- Altunışık, M. B. (2009). Worldviews and Turkish foreign policy in the Middle East. *New Perspectives on Turkey*, *40*, 169-192.
- Babali, T. (2010). Regional energy equations and Turkish foreign policy: the Middle East and the CIS. Insight Turkey, 147-168.
- Barkey, H. J. (2010). *Turkey's New Engagement in Iraq*. US Institute of Peace.
- Bet-Shlimon, A. (2019). *City of black gold: oil, ethnicity, and the making of modern Kirkuk*. Stanford University Press.
- Bowlus, J. V. (2017). A crude marriage: Iraq, Turkey, and the Kirkuk–Ceyhan oil pipeline. *Middle Eastern Studies*, *53*(5), 724-746.
- Charountaki, M. (2012). Turkish Foreign Policy and the Kurdistan Regional Government. *Perceptions: Journal of International Affairs*, *17*(4).
- Davutoğlu, A. (2008). Turkey's foreign policy vision: an assessment of 2007. *Insight Turkey*, 77-96.
- Ferris, E., & Stoltz, K. (2008). The future of Kirkuk: The referendum and its potential impact on displacement. *The Brookings Institution*, *3*.

- Hanish, S. (2010). The Kirkuk problem and article 140 of the Iraqi constitution. *Digest of Middle East Studies*, *19*(1), 15–25.
- Khan, M. S. (2015). The transformation of Turkish foreign policy towards the Middle East. *Policy Perspectives: The Journal of the Institute of Policy Studies*, *12*(1), 31-50.
- Müftüler-Baç, M. (2014). Changing Turkish foreign policy towards Iraq: new tools of engagement. *Cambridge Review of International Affairs*, 27(3), 538-552.
- Murinson, A. (2006). The strategic depth doctrine of Turkish foreign policy. *Middle Eastern Studies*, *42*(6), 945-964.
- Nasri, G., & Salimi, S. (2013). The politics of Kirkuk: policy implication for Iran. Iranian Review of Foreign Affairs, 3(4), 75-100
- Oguzlu, H. (2002). The Turkomans as a Factor in Turkish Foreign Policy, *Turkish Studies*, 3(2), 139-148
- Pusane, Ö. K. (2020). The role of context in desecuritization: Turkish foreign policy towards Northern Iraq (2008–2017). *Turkish Studies*, *21*(3), 392-413.
- Turunc, H. (2011). Turkey's Global Strategy: Turkey and Iraq, *IDEAS reports - special reports*, Kitchen, Nicholas (ed.) SR007. LSE IDEAS, London School of Economics and Political Science, London, UK.

- احمدیپور، ز. و مبارکشاهی، م. (١٣٩٤-٢٠١٥). موانع الحاق کرکوک به دولت منطقه‌ای کردستان عراق، فصلنامه ژئوپلیتیک، سال یازدهم، شماره دوم، ٣٥-٥٩.
- الراوی، ع. و الدلیمی، م. (٢٠١٦). الأهمية الجيوستراتيجية لخط انابيب نقل النفط كركوك – جيهان. مجلة جامعة الأنبار للعلوم الإنسانية. العدد (٢). ٢٦٧-٢٩٠.
- ساسانیان، س. (١٣٩٦-٢٠١٧). الگوی حکمرانی بر کرکوک عراق؛ بررسی مناقشات ذینفعان با روش تحلیل بازیگر، فصلنامه آینده پژوهی دفاعی، سال دوم، شماره ٤، ١٠٩-١٣٩.


## الملخص


منذ قيام الدولة العراقية، كانت قضية ملكية كركوك وحكمها قضية مثيرة للجدل. على الرغم من وجود العديد من المحاولات لحل المشكلة، في كل مرة كانت هناك عوامل استمرت في وجود المشكلة. الآن وبعد أكثر من قرن من إقامة الدولة العراقية، لا تزال كركوك محل نزاع. حتى بالإضافة إلى القوات العراقية، دخلت قوى إقليمية وعالمية في الصراع. إن جمهورية تركيا الجديدة، بصفتها وريثة للإمبراطورية العثمانية، كانت دائمًا متورطة في قضية كركوك. لطالما كان عامل كركوك حاضرا في استراتيجية السياسة الخارجية للدولة التركية. تحاول هذه الدراسة تحديد العوامل المتعلقة بقضية كركوك التي تم أخذها بعين الاعتبار في استراتيجية السياسة الخارجية لتركيا. هناك تركيز أكبر على العوامل الكردية والتركمان والطاقة والأمن. كل من هذه العوامل الأربعة هو سبب عدم قدرة تركيا على البقاء على الحياد بشأن مصير كركوك. والسؤال الاساسي لهذه الدراسة ما هي اهم العوامل المتعلقة بمسألة كركوك في استراتيجية السياسة الخارجية للدولة التركية؟ للإجابة على هذا السؤال تتبع الدراسة منهجاً نوعياً وتستخدم مناهج تحليلية. سيكون هذا في سياق العلوم السياسية.



**الكلمات المفتاحية:** كركوك؛ تركيا؛ العراق؛ إقليم كردستان؛ استراتيجية السياسة الخارجية.